**ڕووپۆشینی کێشدار**

ڕوپۆشینی کێشدار یەکێکە لە شێوازەکانی مۆدێلکردنی گونجاوی شوێنی لە (ArcGIS) دا. کۆمەڵێک میتۆدۆلۆژیایە کە لە هەڵبژاردنی شوێنی شیاو یان مۆدێلکردنی گونجاوی شوێنی دیاردەکان بەکاردەهێنرێن. تەکنیکێکە بریتیە لە دۆزینەوەی پێوەرێکی هاوبەشی بەهاکان بۆ زانیارییە هەمەچەشن و جیاوازەکان بۆ دەستنیشان کردنی شوێنێکی لەبار. لە ئەنجامدا مۆدێلی باشترین شوێنی گونجاو  یان زۆرترین شوێنی پەسەندکراو بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو دیاری دەکات.

ئەم پرۆسەیەی خوارەوە لە خشتەکەدا ڕوپۆشینی کێشدار بۆ شیکاریی بەکاردەهێنێت بەم شێوەیە:

هەر چینێکی ڕاستەر لە شیکاری گونجاوی شوێنیدا کێشێکی بۆ دیاری دەکرێت. و بەهاکانی ناو ڕاستەرەکان پۆلێن دەکرێنەوە بۆ پێوەرێکی گونجاوی باو. چینەکانی ڕاستەر دەخرێنە سەر یەک، بەهای گونجاوی هەر خانەیەکی ڕاستەر بە کێشی چینەکەی چەند هێندە دەکرێت. پاشان بەهای ڕاستەرەکان کۆدەکرێنەوە بۆ وەرگرتنی بەهای گونجاوی شوێنی. ئەم بەهایانە بۆ خانە نوێیەکان لە چینێکی نوێدا دەنووسرێن، کە ئاماژەیە بۆ ڕادەی لەباری و گونجاوی شوێنی.

تەرخانکردنی کێش بۆ هەر ڕاستەرێک لە پرۆسەی ڕووپۆشکردندا ڕێگەت پێدەدات کاریگەری پێوەرە جیاوازەکان لە مۆدێلی گونجاوی شوێنیدا کۆنترۆڵ بکەیت. بۆ نمونە دەتوانیت کێشی زیاتر بدەی بە لێژی لە ئاراستەی لێژی.

لەو خشتەیە ئەنجامی ڕووپۆشکردنی دوو خانەی ڕاستەر، یەک لیژی و یەک ئاراستەی لیژی نیشان دەدات. لێکدانی بەهای گونجاوی هەر خانەیەک لەگەڵ کێشی هەر چینێک، بەهای گونجاوی کیشدار بەرهەم دەهێنێت. بۆ نمونە بەهای گونجاوی خانەیەکی لێژی بریتیە لە (5) لەگەڵ کێشی چینی لیژی لێکدەدرێت کە بریتیە لە (80% واتە 0.8) ئەنجامەکەی یەکسانە بە (4).

پاشان بەهاکانی گونجاوی کێشدار بۆ هەر خانەیەکی ڕووپۆشکراو کۆدەکرێنەوە و دەبنە بەهای خانەکانی چینیکی ڕاستەری نوێ کە بریتیە لە بەهای لەباری یان گونجاوی شوێنی بۆ پرۆژەیەکی دیاری کراو.

| Layer | Weight (as percent) | Cell suitability value | Weighted suitability value |
|---|---|---|---|
| Slope | 80 | 5 | 4 |
| Aspect | 20 | 5 | 1 |
| Total suitability value | | | 5 |

گرنگترین جۆرەکانی ئەو گرفتانەی کە بە شیکاری گونجاوی شوێنی چارەسەر دەکرێن بریتین لە:

1. لە کوێ گەشەپێدان و فرانبوونی  شارنشینی نوێ دابنرێت.

2. کام شوێن باشترە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی گیاندارەکان.

3. ئەو شوێنانە لەکوێن کە گەشەی ئابووری زۆرترین ئەگەری ڕوودانی هەیە.

4. ئەو شوێنانە لە کوێن کە زۆرترین ئامادەییان هەیە بۆ کارەساتە ژینگەیەکان.

5. ئەو شوێنانە لە کوێن کە زۆرترین ئامادەییان هەیە بۆ پرۆژە ئابوریە جیاوازەکان.

زۆرجار شیکاری ڕووپۆشی پێویستی بە شیکاری چەندین هۆکاری جیاواز هەیە. بۆ نموونە، هەڵبژاردنی شوێنێکە بۆ گەشەپێدان و فراوانبونی شار بە واتای هەڵسەنگاندنی چەندین بابەتە وەک تێچووی زەوی، نزیکیی لە خزمەتگوزارییەکانی ئێستا، لێژی و دوبارەبونەوەی لافاو. ئەم زانیاریانە لە ڕاستەری جیاوازدا هەن کە پێوەرەکانی بەهای جیاوازیان هەیە: دۆلار، دوری، پلە و هتد. ناتوانیت ڕاستەری تێچووی زەوی (دۆلار) زیاد بکەیت بۆ ڕاستەری دوری خزمەتگوزارییەکان (مەتر) و ئەنجامێکی مانادار بەدەست بهێنیت. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە هۆکارەکانی شیکارییەکەت بە هەمان شێوەی یەکسان گرنگ نەبن. بۆ نمونە لەوانەیە تێچووی زەوی لە هەڵبژاردنی شوێنێکدا گرنگتر بێت لە دوری هێڵەکانی خزمەتگوزاری. لەبەر ئەوە ڕیزبەند کردنی بەهای بەشەکانی دیاردەکان و پێدانی بەهای نوێ بۆ هەر چینێکی دیاردەکان و پاشان ڕووپۆشکردنیان باشترین چارەسەر بۆ ئەو گرفتانەی سەرەوە.

هەنگاوە گشتیەکان بۆ ئەنجامدانی شیکاری سەرپۆشکردن دەخەنە ڕوو:

1. پێناسەی کێشەکە بکە.

2. چینە گرنگەکان دیاری بکە.

3. پۆلێنکردنەوە یان گۆڕینی داتاکان لەناو چینێکدا. بە پێی گرنگی و کاریگەریان.

4. لێکدانی چینەکان بە کێشی دیاری کراو.

5. رووپۆش کردنی یان تێکەڵ کردنی چینەکان.

پێناسەکردنی کێشەکە یەکێکە لە لایەنە قورسەکانی پرۆسەی مۆدێلکردن. دەبێت ئامانجی گشتی دەستنیشان بکرێت. هەموو لایەنەکانی هەنگاوەکانی دیکەی پرۆسەی مۆدێلکردنی ڕووپۆش دەبێت بەشداربن لەم ئامانجە گشتییەدا.

پێکهاتەکانی پەیوەست بە ئامانجەکە دەبێت پێناسە بکرێن. ڕەنگە هەندێک لە پێکهاتەکان ڕێخۆشکەر بن، و هەندێکی تریش ڕێگریکار بن. بەڵام پێناسەیەکی ڕوون بۆ هەر پێکهاتەیەک و چۆنیەتی کارلێککردنیان دەبێت جێگیر بکرێت.

نەک هەر گرنگە بزانین کێشەکە چییە، بەڵکو پێویستە تێگەیشتنێکی ڕوون پەرەی پێبدرێت بۆ ئەوەی دیاری بکرێت کەی کێشەکە چارەسەر دەکرێت، لە پێناسەی کێشەکەدا، پێویستە ڕێوشوێنی تایبەت دابنرێت بۆ دەستنیشانکردنی سەرکەوتنی دەرئەنجامەکە لە مۆدێلەکەوە. بۆ نموونە لە کاتی دیاریکردنی باشترین شوێن بۆ شوێنی خلیسکێنە، ڕەنگە ئامانجی گشتی پارە پەیداکردن بێت. هەموو ئەو هۆکارانەی کە لە مۆدێلەکەدا دەستنیشان کراون دەبێت یارمەتی ناوچەی خلیسکێنە بدات کە قازانج بکات

زۆربەی کێشەکانی ڕووپۆش کردن ئاڵۆزن، پێشنیار دەکرێت کە بۆ ڕوونکردنەوە و ڕێکخستنی بیرکردنەوەکانت و چارەسەرکردنی کێشەی ڕووپۆش کردن بە شێوەیەکی کاریگەرتر دابەشیان بکەیت بۆ کێشەی لاوەکی. بۆ نموونە، مۆدێلێکی گونجاوی شوێنی بۆ دیاریکردنی باشترین شوێن بۆ شوێنی خلیسکێنە دەتوانرێت دابەش بکرێت بۆ زنجیرەیەک مۆدێلی لاوەکی کە هەموویان یارمەتی ناوچەی خلیسکێنە دەدەن کە قازانج بکات. یەکەم بەشە مۆدێل دەتوانێت (بەشە مۆدێلێکی زەوی) بێت کە ئەو شوێنانە دیاری بکات کە جۆرەها زەوییەکی لەباریان هەیە بۆ خلیسکەسازەکان و یاریزانانی بەفر.

بۆ دڵنیابوون لەوەی خەڵک دەتوانن بگەنە ناوچەی خلیسکێنە دەتوانرێت لە بەشە مۆدێلێ دووەمدا (بەشە مۆدێلی ئاسانی گەیشتن) توانای گەیشتن پلەبەند کرابێت، کە چۆن دەتوانرێت لە شارە گەورەکانەوە و هەروەها لە ڕێگا ناوخۆییە سەرەکیەکانەوە بگەنە شوێنی مەبەست.

بەش مۆدێلی لاوەکی سێیەم ( بەشە مۆدێلی تێچوون) دەتوانرێت ئەو شوێنانە دەستنیشان بکات کە باشترینە بۆ بیناسازی. ئەم مۆدێلە لاوەکیە ڕەنگە ڕووە تەختەکان و هەروەها ئەوانەی نزیک لە ووزە و ئاو وەک شوێنی لەبار دەستنیشان بکات.